Research Center

21-03-2021

# سەرهەڵدانەوەی خۆپیشاندانەکانی عێراق

21-03-2021

### نووسەرەکان

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە :** لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکەی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ (2021)، جموجوڵەکانی خۆپیشاندان و نارەزایی گەنجە تووڕەکانی باشووری عێراقیش هەر هەفتەیەك و لە پارێزگایەك سەرهەڵدەدات. لە ناسریە (زیقار) پارێزگاری شارەکە ناچارکرا دەست لەکاربکێشێتەوە. لەموسەننا و نەجەف و شاری کوت (واسط)یش لەسەر هەمان ڕێچکەی زیقار، خۆپیشاندان لەژێر دروشمی "لادانی بەرپرسە گەندەڵەکان"بەریەککەوتنی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان لێکەوتووەتەوە و کەسانێکیش بریندار کراون.

ياسين تەها|

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکەی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ (2021)، جموجوڵەکانی خۆپیشاندان و ناڕەزایی گەنجە تووڕەکانی باشووری عێراقیش هەر هەفتەیەك و لە پارێزگایەك سەرهەڵدەدات. لە ناسریە (زیقار) پارێزگاری شارەکە ناچارکرا دەست لەکاربکێشێتەوە. لەموسەننا و نەجەف و شاری کوت (واسط)یش لەسەر هەمان ڕێچکەی زیقار، خۆپیشاندان لەژێر دروشمی "لادانی بەرپرسە گەندەڵەکان"بەریەککەوتنی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان لێکەوتووەتەوە و کەسانێکیش بریندار کراون.

سەرهەڵدانەوەی ئەم تەوژمە نوێیەی ناڕەزایی کە گریمانە دەکرێت، درێژکراوەی ڕەوتی "تشرینی 2019"بن، دەکرێت بە ئاماژەیەك بۆ لاوازیی متمانەی شەقامی ناڕازی بە ئەگەری گۆڕانکاریی لە هەڵبژاردنی پێشوەختەی چاوەڕوانکراو بخوێنرێتەوە. ئەویش ئەگەر ئەم پرۆسەیە لەوادەی دواخراوی خۆیدا ئەنجام بدرێت کە حەوت مانگیترە و لەدوای 2003شەوە بێ پێشینەیە. هەروەها وەك چارەسەرێکی بنەڕەتییش بۆ قەیرانە سیاسییە کەڵەکەبووەکان و بەجێهێنانی داواکاریی شەقام تەماشا دەکرێت.

گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندانی شارە شیعەنیشینەکانی عێراق، جگە لە گوشاری کۆرۆنا لەسەرەتای 2020، بەو هیواو گفتە بڵاوەیان کرد و بارگەو بنەیان پێچایەوە، کە هەوڵی گۆڕانکاریی لە شەقامەوە بگوازنەوە بۆ ناو کایەی هەڵبژاردن، ئەویش لەسایەی یاسایەکی دادەگەرتر کە فرەبازنەیە (لە 18 پارێزگاوە بۆ 83 بازنە لەسەر ئاستی قەزا)، ئەوەش زۆر وتراوە کە لەسایەی ئەمەدا دەنگدەر باشتر دەتوانێت بەربژێری خۆی بناسێت بەتایبەت کە یاساکە ڕێگە بە خۆپاڵاوتنی کاندیدی سەربەخۆ دەدات و وەك جاران بۆ هێزە سیاسییەکان قۆرخ نەکراوە.

حکومەتی کازمی کە شەرعیەتی لە خۆپیشاندەرانەوە وەرگرتووە و بەپاڵپشتی ئەوانیش، بەبێ هەبوونی لیستێکی پەرلەمانی متمانەی بەدەستهێناوە، لەهەوڵی بەردەوامدایە بۆ ئەوەی ناڕازییەکان، جموجوڵ و وزەکانیان ئاراستە بکەن بەرەو کایەی هەڵبژاردن تا بتوانن لەپەرلەمانی ئاییندە زۆرترین ئامادەییان هەبێت و لەوێوە پرۆسەی گۆڕانکاریی دەست پێبکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی تا ئێستا هیچ ڕەوتێکی سیاسی سەرانسەریی بۆ نوێنەرایەتیکردنی خۆپیشاندەران لەدایك نەبووە و جیاوازی جەمسەر و داواکارییەکان و کۆمەڵێك هۆکاریتر ڕێگە بەدروستبوونی ڕەوتێکی سیاسیی وەها نادات، جارێکیتر خەریکە لەبری "بچن بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان"، بانگەشەی ڕاپەڕین و ڕامالین دەبێتەوە بەدروشمی قۆناغەکە.

هەموو ئەو ئامار و ئاماژانەی لەبەردەستدان، لەوانەش ڕاپرسییەکانی لقی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ڕێکخراوی گالوپ، ئەوە ئاشکرا دەکەن زۆرینەی هەرەزۆری عێراقییەکان (سەروو 90%) خوازیاری گۆڕین و ڕووخانی سیستەمی تایفی ئێستای عێراقن (کۆماری 2003)، چونکە دەوروبەری 85% پێیانوایە تەنها خزمەت بە گروپێك یان کۆمەڵێك دەستەبژێری دیاریکراو دەکات و خزمەتی گەلی پێناکرێت. بەدیهاتنی ئەم داواکارییەش لەسایەی باڵادەستی چەکی میلیشیاکان و هەژموونی هێزە سیاسییەکان بەسەر کۆمسیۆن و توانای هێزە گەورەکان لە خۆ ڕێکخستن و قۆستنەوەی هەڵبژاردنەکان، بەکارێکی ئەستەم دێتە بەرچاو ئەگەر بەتەواوەتی مەحاڵیش نەبێت، بەتایبەت کە سەرجەم هەڵبژاردنەکان لە 2004 _ 2018 گەیشتوونەتە ئەنجامی هاوشێوە لەگەڵ هەندێ گۆڕانکاری لەپێگەی ئەو هێزانەی کە لە سرووشت و پێکهاتەدا تاڕادەیەکی زۆر وێنەی یەکترن.

ڕۆژلەدوای ڕۆژ ڕەوتی خۆپیشاندەران دردۆنگ و دڵ کرمین دەبن لەوەی بتوانن لە هەڵبژاردن بەو ئەنجامانە بگەن کە زیاتر لە 500 کوژراو و هەزاران برینداریان لەپێناویدا بەخشی، هەندێکیان پێیانوایە بەشداریکردنیان جگە لەوەی بە ژمارە و قەبارەیەکی بچووك دەریان دەکات، لەوسەری پرۆسەکەوە هیچیتری ئەوتۆیان پێنابەخشێت، بۆیە داوای بایکۆتکردن و مانەوەیان وەك تەوژمێکی گوشار دەکەن بەو پێیەی خاوەن گوتاری ناڕازییەکانن تا ئەوەی لیستێکی قەبارە بچوك بن لە یاری ژمارەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەراندا کە زۆربەی جار نەفەسی زۆرینە و کەمینە بەسەریدا زاڵە. بەرامبەر بەمەش، هەندێکیان لەگەڵ ئەوەن بەگەرمی بەشداری هەڵبژاردن بن یان لانیکەم لەم قۆناخە خۆیان ئامادە بکەن بۆ هەڵبژاردن و دواتر بڕیاری کۆتایی بدەن، بۆیە هەڵمەتێکیان بەرپاکرد لەسەر پێویستی نوێکردنەوەی تۆماری بایۆمەتری، پاشان گفتوگۆ بکەن لەسەر ئەوەی ئایا بەشداری بکەن یاخود نا؟

هەرچەندە حکومەتی ئێستا هەموو هەوڵی ئاشکرا و نهێنی بەئاراستەی سازکردنی هەڵبژاردن و ڕەخساندنی زۆرترین دەرفەت بۆ هێزە نوێیەکان و چاوی لەسەر سنوردارکردنی هەژموونی میلیشیاکانە، بەڵام کەم نین ئەوانەشی پێیانوایە ئەم حکومەتە بەبێ مەبەستیش بێت گوریسی ڕزگاریی بوو بۆ سیستەمی 2003 و ئەگەر ئەمە نەبوایە، ئەوا ڕەنگە لەپاش دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی،

ڕژێمەکە لەژێر گوشاری تشرینی 2019 و خوێنی قوربانییەکاندا، سەرلەبەری هەڵوەشایەتەوە. بۆیە ناکرێت بەدیار ئەم چارەك و نیو دەرفەتەوە دابنیشن بەتایبەت کە هێشتا دۆسیەکانی بکوژانی خۆپیشاندەران و رزگاربوونی هێرشبەران لە سزا و هەژموونی چەکدارەکان بەسەر زۆر جومگەدا هەر لەجێگای خۆیاندا ماون.

ئەم دوو دیدگایەش کە دیدگای هەڵبژاردن و دیدگای راپەڕین و شەقامن، لە ئێستادا لەکێبرکێ و بەریەککەوتندان. هێشتا ئەوەش روون نەبووەتەوە کە ئایا هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت یان نا، چونکە گومانی زۆری لەسەر ئامادەیی هێزەکان هەیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، لەسایەی ئەم دۆخەشدا ئەگەری سەرهەڵدانی شەپۆلێکی نوێ لە خۆپیشاندان و نارەزایی لەهەمووکات زیاترە، لەبەر پەرتەوازەیی و نارێکخراوی و کەمی ئەزموونی خۆپیشاندەرانیش بژاردەی قۆستنەوەی جموجوڵەکانیان لەلایەن هێزە سیاسییەکانەوە بۆ تەسفیەکردنی ناوخۆیی و خستنی رکابەرەکانیان بەتایبەت پۆستی پارێزگارەکان، لەسەرووبەندی پەسەندکردنی بودجەو لەساڵی هەڵبژاردندا، هەر ئەگەرێکی بەهێزە. چونکە ئەزموونەکانی پێشوو دەریانخستووە خۆپیشاندەران چەندە چالاك و خورت بن و چەندە دەنگیان زاڵ بێت، سەرەنجام هەر ئەو هێزە کلاسیکیانە باشتر یاری دەکەن کە رێکخراون و خاوەن ئەزموونن و کەرەستەی یاریکردنی زۆرتریان لەبەردەستدایە.